# فيقهی ئاسان: پەرتووکی حەج: دەروازەی شەشەم: لەبارەی قوربانیکردنەوە

# الفقه الميسر: كتاب الحج: الباب السادس: في الأضحية

< كوردی - كردي - kurdish >

دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

## دەروازەی شەشەم : لەبارەی قوربانیكردنەوە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی كوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

بەیارمەتی خوای گەورە لەم ووتارەدا باسی پێنج بابەتی سەرەكی دەكەین، بابەتی یەكەم : پێناسەی قوربانیكردن وحوكمەكەی وبەڵگەی مەشروعیەت ومەرجەكانی، و بابەتی دووەم : ئەوەی دەشێت ودروستە بكرێت بە قوربانی، و بابەتی سێهەم : مەرجە لەبەرچاو گیراوەكانی قوربانیكردن، و بابەتی چوارەم : كاتی قوربانیكردن، وبابەتی پێنجەم : دەبێت چی بكرێت بەو قوربانیەی كە كراوە، وە دەبێت قوربانیكار كاتێك دەرۆژی مانگی ذي الحجة هات چی بكات .

### بابەتی یەكەم : پێناسەی قوربانیكردن وحوكمەكەی وبەڵگەی مەشروعیەت ومەرجەكانی

1-پێناسەی قوربانیكردن :

قوربانیكردن ( الاضحية ) لە زمانەوانیدا بە مانای سەربڕینی قوربانیەكەیە لەكاتی چێشتەنگاودا.

لە زاراوەی شەرعیشدا : بە مانای سەربڕینی ووشتر یان مانگا یان مەڕ وبزن دێت بە مەبەستی پەرستن ونزیك بوونەوە لە خوای گەورە لەرۆژی جەژندا .

2-حوكمی قوربانیكردن وبەڵگەی مەشروعیەتی :

قوربانیكردن سوننەتێكی موئەكەدەیە، خوای گەورەش لە بارەی قوربانیكردنەوە فەرموویەتی : ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ﴾ [ الكوثر: ٢ ] .

واتا : جا نوێژ بكە بۆ پەروەردگارت، وەلە سوپاسی ئەو هەموو چاكەدا، هەر بۆئەو قوربانی بكە .

هەروەها ئەنەسی کوڕی مالیك (خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : { أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) ضحى بكبشين أملحين أقرنين ذبحهما بيده, وسمى وكبر, ووضع رجله على صفاحهما } [1] واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دوو بەرانی ڕەنگ ڕەش وسپی شاخداری کرد بە قوربانی، بەدەستی خۆی سەری بڕین، ناوی خوای لێهێنان و الله أكبری لەسەر کردن، پێی خستە سەر لامل وگەردنیان .

3-مەرجەکانی مەشروعیەتی قوربانیکردن :

قوربانیکردن سوننەتە بۆ ئەو کەسەی کە ئەم مەرجانەی تێدا بێت :

یەکەم : ئیسلام : چونکە جگە موسڵمان داوای قوربانیکردنی لێناکرێت بۆ خوای گەورە .

دووەم : باڵغ بوون وژیری : چونکە هەر کەسێك باڵغ وژیر نەبێت داوای قوربانی کردنی لێناکرێت .

سێهەم : توانا : ئەویش بەوەی سەرەڕای ئەوەی نرخی قوربانیەکەی پێ بێت، نەفەقە وخەرجی ڕۆژی جەژن و سێ ڕۆژی دواتری خۆی وئەو کەسانەشی هەبێت کە نەفەقە وخەرجیان لەسەر ئەوە .

## بابەتی دووەم : ئەوەی دەشێت ودروستە بکرێت بە قوربانی :

دروست نیە هیچ گیاندارێك بکرێتە قوربانی ئەمانەی خوارەوە نەبێت :

1- ووشتر   2- ڕەشە وولاخ - گا ومانگا-   3- مەڕ وبزن .

ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا لِّيَذْكُرُوا۟ ٱسْمَ ٱللَّهِ عَلَىٰ مَا رَزَقَهُم مِّنۢ بَهِيمَةِ ٱلْأَنْعَٰمِ ﴾ [ الحج: ٣٤ ] .

واتا : ئەم دیاریی و قوربانیکردنە وە نەبێ تەنها بۆ ئێوە بێت، بەڵکو بۆ هەموو ئوممەتێك لە ئوممەتانی پێشوو دروشمی قوربانیکردنمان دانابوو، تا ناوی خوا ببەن لەکاتی سەربڕینی ئەو مەڕ ومەڵاتەی خوا پێی بەخشیون .

---

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (5553) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1966) ڕیوایەتیان کردووە .

دیاره ووشەی ( الانعام ) یش لە زمانی عەرەبیدا مەبەست پێی ئەو سێ جۆرەیە – ووشتر، ورِەشە ووڵاخ - گا ومانگا - ، و مەڕ وبزن - کە ئاماژەمان پێدان، چونکە نە لە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) و نە لە هاوەڵانیشەوە وارد نەبووە کە بە غەیری ئەو سێ جۆرە قوربانیان کرد بێت .

شەکە مەڕ کە شەش مانگی تەواو کردبێت دەکرێت کەسێك بیکاتە قوربانی بۆ خۆی ومالْومندالْی، لەم بارەیەشەوە ئەبو ئەیوب ئەنصاری ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەلْێت : { كان الرجل في عهد رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) يضحي بالشاة عنه وعن أهل بيته, فيأكلون ويطعمون }[1], واتا : کەسێك لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) شەکە مەڕێکی دەکردە قوربانی بۆ خۆی ومالْومندالْی، لێیان دەخوارد و دەشیاندا بەخەلْکی لێی بخۆن .

وە دروستە ووشترێك، یان ڕەشە ووڵاخ -گا یان مانگا- یەك بکرێتە قوربانی بۆ حەوت کەس، بە بەلْگەی ئەو فەرموودەیەی کە جابری کوڕی عەبدولا ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگرێتەوە ودەلْێت : { نحرنا مع رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) عام الحديبية البدنة عن سبعة, والبقرة عن سبعة }[2], واتا : ئەو سالْەی صولْحی حودەیبیەمان کرد، ئێمە لەگەلْ پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) ووشترێکمان سەربڕی بۆ حەوت کەس، وە مانگایەکیش بۆ حەوت کەس .

### بابەتی سێهەم: مەرجە لەبەرچاو گیراوەکانی قوربانیکردن :

1-تەمەن :

أ-ووشتر : مەرجە پێنج سالْی تەواو کردبێت .

ب-ڕەشەووڵاخ –گا ومانگا - : دەبێت دوو سالْیان تەواو کردبێت .

---

(1) ابن ماجە بە فەرموودەی ژمارە (3147) ڕیوایەتی کردووە، وە تیرموذی بە ژمارە (1505) وبە صەحیحیشی داناوە، هەروەها شێخ ئەلبانی لە صەحیحی ابن ماجەدا بە ژمارە (2563) بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە.

(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1318) ڕیوایەتی کردووە.

ج- بزن : مەرجە ساڵێکی تەواو کردبێت .

جابری کوڕی عەبدوڵا ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : { لاتذبحوا إلا مسنة, إلا أن يعسر عليكم, فتذبحوا جذعة من الضأن }[1], واتا : هیچ مەکەن بە قوربانی ئیلا تەمەنی خۆی تەواو نەکردبێت، کاتێك نەبێت کە نارەحەت وگران بێت لەسەرتان، ئەو کاتە ئەتوانن شەکە مەڕێك بکەن بە قوربانی، مەبەست لەم فەرموودەیە ئەوەیە وەك زانایان دەڵێن : باشتر وایە مرۆڤ کە قوربانی کرد ووشتر یان ڕەشە وولاخ بکات، ئەگەر نا دروستە مەڕ وبزنیش بکاتە قوربانی .

مەبەست لە ووشەی ( المسنة ) ئەوەیە تەمەنی شەرعی خۆی تەواو کردبێت، تەمەنی ووشتر بۆ قوربانی کردن ئەوەیە پێنج ساڵی تەواو کردبێت، ڕەشە وولاخیش دوو ساڵی تەواو کردبێت، وە بزنیش ساڵێکی تەواو کردبێت .

د- مەڕ : مەرجە ساڵێکی تەواو کردبێت، هەندێك لە زانایانیش دەڵێن : شەش مانگی تەواو کردبێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە عوقبەی کوڕی عامر ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە ودەڵێت : { قلت يارسول الله : أصابني جذع, قال ضح به }[2], واتا : ووتم ئەی پێغەمبەری خوا من تەنها مەڕم هەیە - چی بکەم بۆ قوربانی کردن - ؟ ، فەرمووی : بیکە بەقوربانی .

هەروەها عوقبەی کوڕی عامر ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە ودەڵێت : { ضحينا مع رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) بجذع من الضأن }[3], واتا : ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) مەڕمان کرد بە قوربانی – لەسەر ڕای حەنەفی حەنابلە شەش مانگی تەواو کردبێت، وە لەسەر ڕای مالیکی وشافیعیەکان ساڵێکی تەواو کرد بێت .

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1963) ڕیوایەتی کردووە.

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (5557) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1965) ڕیوایەتیان کردووە، لەفزەکەش لەفزی موسلیمە .

(3) نەسائی ڕیوایەتی کردووە (219/7)، حافظ ابن حەجەر سەنەدەکەی بە سەنەدێکی بەهێز دەزانێت بڕوانە (الفتح 15/10)، شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیح داناوە، سەیری (صحيح النسائي ژمارە 4080) بکە .

2-سەلامەتی لە نەخۆش وناتەواوی :

مەرجە ئەو ووشتر ورەشە وولاخ و مەڕ وبزنەی کە دەکرێتە قوربانی ساغ و سەلامەت بن لە هەموو عەیب وکەموکورتی وناتەواویەك کە ببێت بەهۆی ئەوەی لەڕ ولاواز وبێگوشت بێت، کەواتە دروست نیە ئەو ئاژەڵەی دەکرێتە قوربانی لەڕ ولاواز وشەل وکوێر ونەخۆش بێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە بەڕائی کوڕی عازب دەیگرێتەوە ودەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرمویت: { أربع لا تجزىء في الأضاحي : العوراء البين عورها, والمريضة البين مرضها, والعرجاء البين عرجها, والعجفاء التي لا تنقي } [1] ، واتا : چوار جۆر ئاژەڵ درست نیە بکرێنە قوربانی : کوێرێك کە کوێریەکەی دیار وئاشکرا بێت، وە نەخۆشێك نەخۆشیەکەی دیار وئاشکرا بێت، وە شەلێك شەلیەکەی دیار وروون بێت، وە لەڕ ولاوازێك کە ووشك بووبێتەوە پێستی خۆی، ئەم چوار عەیبە لە فەرمودەکەدا باسکراوە، بەڵام هەر عەیب وکەموکورتیەکی تریش وەك ئەمانە بن، ئەوا زانایان قیاسی ئەوە عەیبانەیان کردووتە سەر ئەو عەیبانەی کە لەفەرموودەکەدا هاتووە، بۆیە ئاژەڵێکیش دانەکانی کەوتبێت، یان گوێی قەل وبڕا بێت، دروست نیە بکرێتە قوربانی، هەر عەیب وکەموکورتیەکی تریش وەك ئەمانە وابن بۆ قوربانی کردن ناشێت .

## بابەتی چوارەم : کاتی سەر بڕینی قوربانی .

کاتی قوربانیکردن بۆ ئەو کەسەی نوێژی جەژن دەکات لەپاش نوێژی جەژنی قوربانەوە دەست پێدەکات، وە بۆ ئەو کەسەش کە نوێژی جەژنی نەکردووە، لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە ڕۆژ هەڵدەێت وپاشان بە ئەندازەی دوو ڕکات نوێژ ودوو خوتبە چاوەڕوان بکات ئەوجا قوربانیەکەی بکات، لەم بارەیەشەوە بەڕائی کوڕی عازب ( خوای لێ ڕازی

---

(1) مالیك لە موطأ دا ڕیوایەتی کردووە (لاپەڕە 248)، وە ئەحمەدیش ڕیوایەتی کردووە (289/4)، وە تیرموزی بە فەرموودەی ژمارە (1497)، وە وتویەتی فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە، وە ئەبو داود بە ژمارە (2802)، هەروەها نەسائیش ڕیوایەتی کردووە (144/7)، وە ابن ماجە بە فەرموودەی ژمارە (3144)، وە شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە ( صحيح سنن النسائي 1553/3) .

بێت ) دەڵێت پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { من صلى صلاتنا, ونسك نسكنا, فقد أصاب النسك, ومن ذبح قبل أن يصلي فليعد مكانه أخرى } (1), واتا : هەر کەسێك نوێژی جەژنی ئێمەی کرد، وقوربانی وەك قوربانی ئێمە کرد، ئەوا قوربانیەکەی تەواوە، وە هەرکەسێك پێش نوێژی جەژن قوربانیەکەی سەربڕی ئەوا با دانەیەکی تر لەجێگای سەر ببڕێتەوە .

کاتەکەشەی بەردەوام دەبێت تا ڕۆژئاوا بوونی کۆتا ڕۆژانی ( أيام التشريق = سێ ڕۆژی دوای یەکەم ڕۆژی جەژن ) بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی کە جوبەیری کوڕی موطعیم ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگرێتەوە ودەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { كل أيام التشريق ذبح } (2) ، واتا : هەموو ڕۆژانی تەشریق کاتی قوربانی کردن وئاژەڵ سەر بڕینە .

بەڵام باشتر وایە کە مرۆڤی باوەڕدار پاش ئەوەی لە نوێژی جەژن بوویەوە قوربانیەکەی ئەنجام بدات، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە بەڕائی کوڕی عازب ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێت پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : {أول ما نبدأ به يومنا هذا نصلي ثم نرجع فننحر, فمن فعل ذلك فقد أصاب سنتنا, ومن ذبح قبل ذلك فإنما هو لحم قدمه لأهله, ليس من النسك في شيء } (3) ، واتا : یەکەم شتێك کە ئەمڕۆ ئەنجامی بدەین نوێژی جەژنە، پاشان دەگەڕێینەوە وقوربانی دەکەین، هەرکەسێك وایکرد ئەوا سوننەتەکەی ئێمەی بەجێهێناوە، وە هەر کەسێکیش پێش ئەوە قوربانیەکەی سەربڕی ئەوا گۆشتێکی بۆ ماڵومنداڵی ئامادە کردووە، وە هیچ خێرێکی قوربانی کردنی بۆ نیە.

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (5563) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1961) ڕیوایەتیان کردووە .
(2) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (82/4)، وە بەیهەقیش ڕیوایەتی کردووە (295/9)، وە ابن حبان بەفەرموودەی ژمارە (1008)، وە دارە قوطنیش (284/4)، هەیثەمەی لە بارەی سەنەدەکەیەوە ووتویەتی : پیاوانی ڕیوایەتەکەی ئەحمەد و غەیری ئەویش پیاوانێکی متمانە پێکراون، بڕوانە (مجمع الزوائد 25/3) .
(3) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (5560) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1961) ڕیوایەتیان کردووە .

## بابەتی پێنجەم : دەبێت چی بکرێت بەو قوربانیەی کە کراوە، وە دەبێت قوربانیکار کاتێک دەرۆژی مانگی ذي الحجة هات چی بکات .

### 1- دەبێت چی بکرێت بە گۆشتی قوربانی :

سوننەتە ئەو کەسەی کە قوربانی دەکات لە گۆشتی قوربانیەکەی خۆی بخوات، وە بەشی خزم ودراوسێ وهاوڕێکانیشی بنێرێت، وە بیکات بە صەدەقە و خێریش بۆ هەژاران ونەداران، لەم بارەیەوە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَكُلُواْ مِنۡهَا وَأَطۡعِمُواْ ٱلۡبَآئِسَ ٱلۡفَقِيرَ ﴾ [ الحج: ٢٨ ] .

واتا : لەگۆشتی قوربانی بخۆن و بەشی هەژارو نەدارانیشی لێ بدەن.

وە سوننەت وایە کە گۆشتەکەی بکات بەسێ بەشەوە، سێ یەکی بۆماڵومنداڵی، وە سێ یەکێکی تریشی بۆ دراوسێ هەژارەکانی، وە سێ یەکی کۆتایشی بکاتە دیاری بۆ ئەو کەسانەی کە خۆی پێی خۆشە - لە خزمان وهاوڕێکانی -، لەم بارەیەشەوە عەبدوڵای کوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) لە بارەی چۆنیەتی قوربانی کردنی پێغەمبەری خواوە ( صلی اللە علیە وسلم ) ووتویەتی : { ويطعم أهل بيته الثلث, ويطعم فقراء جيرانه الثلث, ويتصدق على السوال بالثلث }[1]، واتا : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) سێ یەکی دەردخواردی ماڵومناڵ وخێزانەکانی دەدا، وە سێ یەکێکی تری دەدا بە دراوسێ هەژارەکانی، وە سێ یەکێکی تریشی دەدات بەو کەسانەی کە داوایان دەکرد .

وە دروستە دوای سێ ڕۆژ گۆشتی قوربانی هەڵبگیرێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی کە بورەیدە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگرێتەوە ودەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : { كنت نهيتكم عن ادخار لحوم الأضاحي فوق ثلاث, فأمسكوا ما بدا لكم }

(1) حافظ ئەبو موسی لە پەرتووکی (الوظائف) دا تەخریجی کردووە و بەحەسەنیشی داناوە، بڕوانە (المغني لابن قدامة 632/8) .

[1] ، واتا : پێشتر ڕێگریم لێ كردن لەوەی گۆشتی قوربانی هەڵبگرن پاش سێ ڕۆژ، بەڵام ئێستا ئەوەی دەتانەوێت هەڵیبگرن .

## 2- قوربانیكار كاتێك دەرۆژی مانگی ذي الحجة هات دەبێت چی بكات ؟

كاتێك دە ڕۆژی یەكەمی مانگی ذي الحجة هات، ئەو كەسەی كە دەیەوێت قوربانی بكات حەرامە موو لەخۆی بكاتەوە و نینۆكیشی بكات، هەتا ئەو كاتەی كە قوربانیەكەی دەكات، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە ئوم سەلەمە ( خوای لێ رازی بێت ) دەیگێڕێتەوە ودەڵێت : { إذا دخل العشر, وعنده أضحية يريد أن يضحي، فلا يأخذن شعرا, ولا يقلمن ظفرا } واتا : هەركاتێك دە ڕۆژی یەكەمی مانگی ذي الحجة هات وئەو كەسەی كە قوربانی هەیە ودەیەوێت قوربانی بكات، ئەوە با موو لەخۆی نەكاتەوە و نینۆكیشی نەكات، لە ڕیوایەتیكی تردا هاتووە : { فلا يمسن من شعره وبشره شيئا } [2] واتا : با دەست لەموو وپێستی نەدات .

لەخوای گەورە ومیهرەبان داواكارم یارمەتی هەموو لایەكمان بدات كە ئیستقامەمان هەبێت لەسەر دینەكەی خۆی، وە لەسەر ئەو دینەش بمانژێنێت ولەسەر ئەو دینەش بمانمرێنێت وهاوڕیەتی پێغەمبەران وڕاستگۆیان وشەهیدان وپیاوچاكانمان بە نسیب بكات لە بەهەشتە نەبڕاوەكەیدا، وە دەسەڵات وتواناشمان بداتێ لەرێگای ئەودا قوربانی بكەین و بۆ غەیری ئەویشی ئەنجام نەدەین ( ئامین یا رب العالمین )

وصلى الله وسلم على محمد وعلى آله وصحبه وسلم

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1977) ڕیوایەتی كردووە .
(2).